## قسەیەکی تر

# دوای بەنزینخانەی بینایی، چیتر؟!

**فەهمی حەمەتۆفیق**

کارەساتێکی هەفتەی رابردوو بریتی بوو لە بینینی سوتانی بەنزینخانەی (بینایی) لە شاری سلێمانی، ئەمە ئەگەر لە تەنها روویەکەوە بۆی بڕوانین، قەزاو قەدەرێکەو بۆتە هۆی زیانی گیانی کە دوو هاووڵاتی شەهید و سێی تریش بریندار بوون و زیانی مادی زۆریش بەر بەنزینخانەکە کەوت، بەڵام لە هەر روویەکی ترەوە سەیری بکەین روودانی کارەساتێکە کە هەر بەشێکی هۆکارەکەی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنێکی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەیدا، دەمێک بوو دەوترا کە نابێت بەنزینخانە نزیک ماڵان بێت، نابێت کراوەبێت تا لە هەر مەترسییەک بە دوور بێت، بەتایبەت لەم رۆژگاری زۆرو زەبەندییەی ئۆتۆمبێلدا، کە نەک مەترسییەکان بۆ ئەو بەنزینخانانە زۆرترن، بەڵکو ژمارەی بەنزینخانەکانیش بەردەوام روو لە زیادبوونن.

ئەوەی ئێستا لە شارە گەورەکانی نمونەی سلێمانی و هەولێردا دەبینرێت، بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری بەزینخانەی ئەهلییە، بەتایبەت لە هەولێر، ئەمەش ئەگەر تەنها ئیجابیەتێکی هەبێت فریاکەوتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبیلە بۆ دەست کەوتنی بەنزین، ئەگەرنا ئەویش پریەتی لە کەموکورتی و پڕ مەترسی، ئەگەر پێش سوتانی بەنزینخانەی بینایی روودانی ئەو مەترسییە رابگەیەنرایە بەرپرسان چییان دەووت؟ ئەی خاوەن بەنزینخانەکە چی؟ ئەی لایەنی پەیوەندیدار چی؟ ئەی ئێستا ئەگەر رووودانی هەر مەترسییەکی نمونەی ئەوەو خراپتریش بوترێت، ئایا بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و خاوەن بەنزینخانەکان (کە وەک دەوترێت زۆربەیان هی بەرپرسانن) هەمان شت دەڵێن؟ ئەگەر خوانەخواستە رواوێکی هاوشێوە روویدا چی دەبێت؟ ئەمە پرسیارێکەو نازانین چەندە حکومەتی هەرێم وەڵامی ئامادەکردووەو چ ئیجرائاتێکی لەو بارەوە کردووە؟

ئەو نمونانەی لە هەولێردا دەبینرێن زۆرن، کە بێجگە لە نرخی جۆراوجۆر بە ویستی خۆیان و نەبونی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەک، زۆربەشیان لە شوێنی هەستیاردان وەک نزیک ماڵان و شوێنە گشتییەکان و بازارە سەرەکیەکانی ناوشار، کە وێڕای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی حکومەت لە راگەیاندنەکانەوە، کەچی هیچ گۆڕانکارییەک نابینرێت تێیاندا، لێرەوە جارێکی تر ئاگادارییەکە روو بە حکومەت دەکرێتەوە، کە ئەوە (بینایی) بوویە قوربانی بێپلانی و نەبوونی دیزاین و مەرجە تایبەتەکان، ئایا چیتان کردووەو چی دەکەن تا هاووڵاتیان بێخەم بن لە پاراستنی ماڵ و سامان و ئۆتۆمبێلیان؟ چۆن دڵنیابین کە هەمان روداو لە شوێنی تر دوبارە نابێتەوە؟

لەلایەکی ترەوە راهێنان و وورپایی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە لە چ ئاستێکدان؟ بۆچی لە زۆرێک لەو حاڵەتانەدا گلەیی لەو تیمانە دەکرێت کە یان وەک پێویست زوو ناگەنە جێی مەبەست، یان کەلوپەل و پێداویستی وەک پێویستیان لا نیە تا بەسەر رووداوەکاندا زاڵ بن؟ ئەوەش کە دەوترێت و وەک رەخنە ئاراستەی حکومەت دەکرێت کەمی بنکەکانی ئاگرکوژێنەوەن لە شارو شارۆچکەکاندا، یان شوێنەکانیان گونجاو نین و بە ئاسانی ناگەنە شوێنی روداوەکان، یان گرفتیان هەیە بۆ ئامادەباشی لە روداوەکاندا، دەخوازین سوتانی بەنزینخانەی بینایی لە شاری سلێمانی دوا کارەسات و روداوی لەو جۆرە بێت و ببێتە زەنگێکیش بۆ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان..



## ماستەرنامەیەک لە بواری ڕاگەیاندن

بەرواری (١٥-١٠-٢٠١١) لە زانکۆی سلێمانی گفتوگۆی تێزی ماستەرنامەی قوتابی (عەبدولخالق ئیبراهیم) کرا کە لە بەشی راگەیاندن بوو، بەناونیشانی (الصحافه وعمليه صنع القرارات فى اقليم كردستان )...

لیژنەی گفتوگۆ پێک هاتبوون لە دکتۆر عەبدولسەلام ئەحمەد سامر سەرۆک، هەریەک لە بەرێزان د.عەبدلموحسن الشافعی و د. صابر بكر و د.حەمەدان خدر.

شایەنی باسە پاش گفتوگۆیەکی چەند کاتژمێریی تێزەکە وەکو خۆی قبوڵکرا..

ئێمەش لە ڕۆژنامەی یەکگرتووپیرۆزبایی لە بەریزیان دەکەین، نوخشەش بێت لە دکتۆرا.



8

## خاتوو (توكل كرمان) یەکەم ئافرەتی عەرەبە...



## هەناسە پایزیەکان

10



14

## مۆدێلەکانی دیموکراسی



9

## بەکارهێنەرانی فەیس بووک و ئاڵودە بوونیان بە...




یەکگرتوو
www.yakgrtu.org
ژمارە (٨٦١)
دوو شەممە ٢٠١١/١٠/١٧ ز
ساڵی حەڤدەهەم
www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤
ناونیشانی رۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەرەکی تەیراوە - بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی - دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان